# بەرلە مەرگی نــیــچــە

ژیان و کارەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە

**Nietzsche's Biographical Timeline**

بەشی یەکەم

پێشکەشە بەمەرگی نیچە بەرلەوەی بمرێت

مەهدی کامیل



Friedrich Wilhelm Neizshche 15 October 1844 – 25 August 1900

| | |
|---|---|
| 15 ئۆکتۆبەر 1844 | فریدریك نیچە ( Friedrich Nietzsche) لەدایك بوو ، لە ڕۆکن ( Rocken ) لە نزیك لۆتزن ( Lutzen ) کە سەر بە هەرێمی ساکسۆنە ، دایکی فرانسیسکا نیچە ( Franziska Nietzsche ) ، باوکی قەشە کارڵ لۆدڤیك نیچە ( Carl Ludiwig Nietzsche ) , ناوی کوڕەکەی( نیچە ) , ناوی شا فریدریك ولیەمی چوارەم ( Fried rich William IV ) پاشای پڕۆسیایە |
| 10 جولای 1846 | ئلیزابێس ( Elisabeth Nietzsche ) ی خوشکی لەدایکبوو. |
| مانگی فێبریوەری 1848 | جۆزیف ( Joseph Nietzsche ) ی برای لەدایك بوو. |
| 30 جولای 1849 | باوکی نیچە لەتەمەنی 36 ساڵیدا مرد ، بەنەخۆشی کە بەنەخۆشی نەرمی مێشك ناسرابوو . |
| 4 جێنیوەری 1850 | جۆزیفی برای مرد ، فرانسیسکای دایکی خێزانەکەی برد بۆ نۆمبێگ ( Naumbrg ) تا لەگەڵ خزم و هاوڕێکانی دا بژین. |
| مانگی ئۆکتۆبەری 1858 | چووە قوتابخانەی شۆڵپفۆرتا ( Schulpforta ) ، لەنزیك نۆمبێگ ، کەقوتابخانەیەکی هەڵبژاردە بوو ، لەگەڵ 200 قوتابی تر |
| 4 سێپتەمبر 1864 | لە قوتابخانەی شۆڵپفۆرتا دەرچوو . |
| 16 ئۆکتۆبەر 1864 | ناوی خۆی تۆمارکرد لەتیۆلۆژیا ( Theology ) فیلۆلۆژیا ( Philology ) دا لەزانکۆی بۆن (Bonn) |
| 17 ئۆکتۆبەر 1865 | بەردەوام بوو لەخوێندن ( یا خود ) چوە زانکۆی لایپزیگ ( Leipzig ) ، لەوێ یەکێ لە کارەکانی شۆپنهاوەر ( Schopenhuer ) ی دۆزیەوە ، لەکتێب فرۆشێکی دەستی کرِی . |
| ساڵی 1866 | پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ( ئیرۆین ڕۆن ) ( Erwin Rohde ) دەستپێکرد. |
| 8 نۆڤەمبەر 1868 | بە ڕیچارد ڤاگنەر ( Richard Wagner ) گەیشت لە لایپزیگ |
| مانگی فێبریوەری 1869 | دیاری کراوە وەك پڕۆفیسۆر لە فیلۆلۆژیای کلاسیکدا لە زانکۆی بازڵ ( Basel ) |
| 28 مەی 1869 | لێکچەرێکی پێشکەشکرد لەزانکۆی بازڵ , لەسەر هۆمیرۆس و فیگلۆلۆژیای کلاسیك ( Homer and Classical Philology ) |
| ساڵی 1869 | دەستی بەنووسین ی لەدایك بوونی ترادیژیا کرد . ( Birth of Tragedy ) |
| مانگی مارچ 1870 | بوو بە پڕۆفیسۆری دائم لەزانکۆی بازڵ . |
| مانگی ئۆگەست 1870 | وەك خزمەت گوزارێکی خۆبەخش , لەتیمی پزیشکیدا وەك سەرباز , بەشداری کرد لەشەڕی نێوان پڕۆسا ( ئەڵمانیا ) و فەڕەنسا . |
| مانگی ئۆکتۆبری 1870 | گەڕایەوە بۆ بازڵ پەیوەندی لەگەڵ فڕانس ئۆڤەربەك ( Franz Overbeck) گرت |

| | |
|---|---|
| 2 جێنوەری 1872 | لەدایك بونی تراژیدیای بەچاپ گەیاند . |
| مانگی جێنوەری –مارچ 1872 | چەند لێكچەرێك لەسەر ( داهاتوی دامەزراوە مەعریفیەكانی ئێمە ) The Future of Our Educational Institutions) پێشكەش دەكات . |
| مانگی مەی 1872 | چەند كاتێك لە گەڵ ڤاگنەر بەسەردەبات . |
| مانگی ئەپڕیڵ 1873 | بەشێك لە ( فەلسەفەی تەمەنی تراژیدیای یۆنانی ) Philosophy in The) Tragic of The Greeks) . نوسی . |
| مانگی مەی 1873 | بە پۆڵ ڕەی (Paul Ree) گەیشـــــت . |
| مانگی دیسەمبر 1873 | ( بەكارهێنان و قۆستنەوەی مێژووی ژیان ) Use And Abuse of History) For Life ) تەواودەكات . |
| 22 فێبروەری 1874 | بەكارهێنان و قۆستنەوەی مێژووی ژیان ی بەچاپ گەیاند . |
| 15 ئۆكتۆبر 1874 | 30هەمین جەژنی لەدایك بوونی نیچە . ( شۆپنهاوەر وەك مامۆستا ) (Schopenhauer As Educator) بەچاپ گەیاند . |
| ساڵی 1875 – 1876 | (ڕیچارد ڤاگنەر لە بایرۆس ) ( Richard Wagner in Bayreuth ) دەنوسێت |
| مانگی ئۆكتوبر 1875 | پەیوەندی هاوڕێیەتی دەست پێكرد لەگەڵ هنریچ كۆزێلت (Heinrich Koselitz) و پیتەر گاست (Peter Gast). |
| 19 مەی 1876 | داوای مۆڵەتی لەزانكۆی بازڵ كرد , لە 2 ی جێنوەری مۆڵەتیان پێبەخشی . |
| مانگی جولای 1876 | نیچە لە بایرۆس , لە كۆتای یەكەمین ڤیستڤاڵی بایرۆس دا , بەلویس ئووت ( Louise Ott) گەیشت . |
| 10 جولای 1876 | ڕچارد ڤاگنەر لە بایرۆس , ی بەچاپ گەیاند . |
| 26 ئۆكتوبر 1876 | گەیشتە ناپۆلی (Naples) , دواجار لەگەڵ ڤاگنەر كۆبوەوە . |
| ساڵی 1876 -1878 | بەشی یەكەمی لە مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە(Human All Too Human) دەنوسێت |
| مانگی دیسەمبر 1876 | زستان لە سۆرینتۆ (Sorrento ) لەگەڵ پۆڵ ڕەی , ماڵڤیدا ڤان ماسینبۆگ (Malwida Von Meysenbug), لەگەڵ ئەلبیرت بارنەر Albert) Brenner) ی قوتابی نیچە , بەسەردەبات . |
| 8 مەی 1877 | سۆرینۆی بەجێهێشت . |
| 17 ئۆكتۆبر 1877 | ماوەی مۆڵەتەكەی لە زانكۆی بازڵ درێژكردەوە . |
| 3 جێنوەری 1878 | كۆپیەكی كتێبی پارسیفاڵ (Parsifal), ی لەڤاگنەرەوە پێگەیشت. |
| 10 جێنوەری 1878 | دەست نوسێكی مرۆڤانە زێدە مرۆڤانەی نارد بۆ چاپخانەكەی . |

| | |
|---|---|
| ماوەی مۆڵەتەکەی لە زانکۆی بازڵ درێژکردەوە . | 11 فێبروەری 1878 |
| مرۆڤانە زێدە مرۆڤانەی بەچاپ گەیاند , کۆپیەکی نارد بۆ ڤاگنەر , ئەمە دوایەمین نێردراوی بوو. | مانگی مەی 1878 |
| ئەلبیرت بارنەر لە تۆبرکلۆس (Tuberculosis) کۆچی دوای کرد . | 17 مەی 1878 |
| بیروڕاو فەلسەفە تێکەڵاوەکان (Mixed Opinions And Maxims) بەچاپ گەیاند | 20 مارچ 1879 |
| لە جێنوا (Geneva) نامەیەکی نارد بۆ دەست لەکارکێشانەوەی لە زانکۆی بازڵ . | 2 مەی 1879 |
| زانکۆی بازڵ ڕازی بوون لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی , لەگەڵ بەخشینی موچەی خانەنشینی شەشە ساڵ. | 14 جێنوەری 1879 |
| کۆچەر و سێبەرەکەی ( Wanderer And His Shadow) دەنوسێت . | هاوینی 1879 |
| دەستنوسی کۆچەرو سێبەرەکەی , نارد بۆ چاپ کەرەکەی ( واتە ئەو کەسەی کتێبەکانی نیچەی بەچاپ دەگەیاند ). | 18 ئۆکتۆبر 1879 |
| کۆچەرو سێبەرەکەی بەچاپ گەیاند . | 18 دیسەمبری 1879 |
| گەشتی کرد بۆ ڤینس (Venice) لەگەڵ هنریچ کۆزیلت . | مانگی مارچ 1880 |
| ڤینسی بە جێهێشت . | مانگی جێنوەری 1880 |
| گەیشتە مارینباد (Marienbad). | 5 جولای 1880 |
| دەستی بەنوسینی سپێدە (Dawn) کرد | پایزی 1880 |
| گەیشتە جێنوا , بەردەوام بوولەکارکردن لەسپێدەدا . | مانگی نۆڤمبر 1880 |
| دەستنوسی سپێدەی بۆ کۆزیلت نارد | 25 جێنوەری 1881 |
| جێنوای بە جێهێشت . | 1 مەی 1881 |
| گەیشتە سیلس ماریا (Sils Maria). | 8 جولای 1881 |
| سپێدەی بەچاپ گەیاند . | مانگی جولای 1881 |
| سیلس ماریای بەجێهێشت , بەرەو جێنوا . | 1 ئکتۆبر 1881 |
| دەستی بەنوسینی زانستی شاد (Gay Science) کرد. | زستانی 1881 |
| پۆڵ ڕەی سەردانی نیچەی کرد لەجێنوا , گەشتیانکرد بۆ مۆنتی کارلۆ (Mont Carlo) | 4 فێبروەری 1882 |
| پۆڵ ڕەی دووبارە گەشتی کردەوە بۆ مۆنتی کارلۆ , هەموو ئەوپارەیەی هەیبو لەشەوێکدا لەدەستیدا | 13 مارچ 1882 |
| پۆڵ ڕەی گەشتی کرد بۆ ڕۆما ( Rome) لەماڵی ماڵڤیدا ڤان ماسینبۆگ دا بە | 15 مارچ 1882 |

| | |
|---|---|
| | لۆسالۆمێ (Lou Von Salome)گەیشت . |
| 24 ئه پڕیل 1882 | نیچه گەیشتە ڕۆما . |
| 25 ئه پڕیل 1882 | بە لۆسالۆمێ گەیشت . |
| 15 جێنوەری 1882 | زانستی شادی تەواوکرد . |
| مانگی سێپتمبر 1882 | نیچە لە لایپزیگ بوو |
| 10 سێپتمبر 1882 | زانستی شادی بەچاپ گەیاند . |
| 1 ئۆکتۆبر 1882 | پۆڵ ڕەی لەگەڵ لۆسالۆمێ گەیشتنە لایپزیگ, بۆمانگێك سەردانی ئەوێیان کردبوو , پەیوەندی نیچە لەگەڵ پۆڵ ڕەی و لۆسالۆمێ تێك دەچێت . |
| 5 نۆڤەمبر 1882 | ڕەی ولۆ سالۆمێ گەشتیان کرد بۆ پاریس (Paris) , نیچە پلانی دانا تا پەیوەندیان پێوەبکات , بەڵام ئەو هەرگیز نەی بینینەوە دووبارە . |
| زستانی 1882 | نیچە لە ڕاپالۆ (Rapallo) مایەوە . |
| مانگی فێبروەری 1883 | دەستی کرد بە نوسینی ئاوای ووت زەردەشت (Thus Spoke Zarathustra) . |
| 13 فێبروەری 1883 | ڕیچارد ڤاگنەر لە ڤینس کۆچی دوایکرد . |
| 14 فێبروەری 1883 | لەجێنوا نیچە دەستنوسی ئاوای ووت زەردەشت بەشی یەکەم ی نارد بۆ بڵاوکەرەوەکەی ( خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەکەی کە کتێبەکانی نیچە ی بڵاودەکردەوە ). |
| 3 مەی 1883 | نیچە گەشتی کرد بۆ ڕۆما , بۆ پێنج هەفتە سەردانی ئەوێی کرد . |
| 14 جێنوەری 1883 | ڕۆمـــــــای جێهێشت . |
| 18 جێنوەری 1883 | نیچە گەیشتە سیلس ماریا , لەوێ بەشی دووەمی ئاوای ووت زەردەشت ی نوسی . |
| مانگی ئۆگەست 1883 | ئاوای ووت زەردەشت بەشی یەکەمی بەچاپ گەیاند . |
| 5 سێپتێمبر 1883 | سیلس ماریای بە جێهێشت , بەرەو نۆمبیرگ . |
| 7 سێپتێمبر 1883 | گەیشتە نۆمبیرگ ,کە بۆ پێنج هەفتە سەردانی کردبوو , وتو وێژی لەگەڵ ئەلیزابیس و بێرنارد فۆستەر ( Bernhard Forster) کە سەرۆکی بزوتنەوەی دژە سامی ئەڵمانی بوو کرد . |
| 23 نۆڤەمبر 1883 | نیچە گەیشتە نیس Nice . |
| زستانی 1883 | بە دکتور جۆزیف پێنس ( Josef Panth) گەیشت , کەزانایەکی ئاژەڵ ناسی ڤینیسی بوو . |
| 18 جێنوەری 1884 | بەشی چوارەمی ئاوای ووت زەردەشت تەواو کرد , کەمێکیشی لە ئیز (Eze) نوسی بوو |
| 10 ئه پڕیل 1884 | ئاوای ووت زەردەشت بەشی سێهەمی بەچاپ گەیاند . |

| | |
|---|---|
| 21 ئه پڕیل 1884 | نیسی بەجێهێشت , بۆ حەوت هەفتە سەردانی ڤینیسی کرد. |
| 15 جێنوەری 1884 | گەیشتە بـــــــازڵ . |
| مانگی جولای 1884 | لە زویرخ (Zurich ) گەیشت بە میتا ڤان سالیس ( Meta Von Salis) . |
| 26 ئۆگەست 1884 | هنریچ ڤان ستین ( Heinrich Von Stein) سەردانی نیچەی کرد لەسیلس ماریا. |
| 2 نۆڤمبر 1884 | گەیشتە مینتۆن , دەستی بەنوسنی بەشی چوارەمی ئاوای ووت زەردەشت کرد . |
| 1 دیسمبر 1884 | مینتۆن ی بەرەو نیس جێهێشت , بەردەوام بو لە نوسینی بەشی چوارەمی ئاوای ووت زەردەشت . |
| 9 ئه پریل 1885 | نیسی بە جێهێشت بەرەو ڤینیس . |
| 10 ئه پریل 1885 | گەیشتە ڤینس |
| مانگی مەی 1885 | بەشی چوارەمی ئاوای ووت زەردەشت ی بەچاپ گەیاند , بەشێوەیەکی تایبەتی چاپی کرد بۆ هاوڕێ دیاریکراوەکانی . |
| 22 مەی 1885 | ئەلیزابیس شووی بە بیرنارد فۆستەر کرد . |
| 7 جێنوەری 1885 | گەیشتە سیلس ماریا , دەستی بەنوسینی لەودیو چاکەو خراپەوە (Beyond Good And Evill) کرد . |
| مانگی جێنوەری 1885 | شکاتی لە چاپ کەرەکەی کرد , ئرنست شمیتزن ( Ernst Schmeitzner) , لەبەر ئەوەی دەستی بەسەر ئیشەکانیدا گرتبوو . |
| مانگی نۆڤمبری 1885 | مەحکەمەکەی بردەوە لەدژی شمیتزن , شکاتەکەی واز لێد ێنێت , لەدژی فرۆشتنی بەشێك لە قەبرەکەی باوکی , گەیشتە نیس . |
| بەهاری 1886 | دواین کۆبونەوەی لەگەڵ ئروین ڕۆد (Erwin Rohde) لە لایپزیگ گرێدا. |
| مانگی جێنوەری 1886 | گەیشتە سیلس ماریا . |
| 4 ئۆگەست 1886 | لەودیو چاکەو خراپەوەی بەچاپ گەیاند . |
| مانگی ئۆکتۆبری 1886 | گەیشتە ڕۆت لیگۆر (Ruta Ligure) , پێشەکی چاپی دووەمی مرۆڤانە زێدە مرۆڤانەی تەواوکرد , دەستی بەنوسینی پێشەکی چاپی دەوەمی سپێدە کرد . هەروەها پێشەکی پێنجەم کتێبی زانستی شادی دەست پێدەکات , ڕۆت لیگۆری بەرەو نیس بەجێهێشت . |
| 14 نۆڤمبر 1886 | کاتێك لەنیس بوو , پێشەکی یەکی نوێی تەواو کرد بۆ سپێدە و زانستی شاد . |
| 11 نۆڤمبر 1887 | دواین نامەی بۆ ئیروین ڕۆد نارد . |

| | |
|---|---|
| 16 نۆڤمبر 1887 | ژینالۆژیای ئاکار ( Genealogy of Morals) ی بەچاپ گەیاند . |
| مانگی ئەپڕیل 1888 | گەیشتە تۆرین ( Tarin)  . |
| بەهاری 1888 | جۆرج براندس ( Georg Brandes)  چەند لێکچەرێکی لەسەر نیچە  پێشکەش کرد لە زانکۆی کۆپن هاگن  (Copenhagen) . |
| هاوینی  1888 | کێشەی ڤاگنەر (Case of Wagner)     دەنوسێت . |
| مانگی ئۆگەست  1888 | ئاوابوونی  بتەکان  (Twilight of  The  Idols )دەنوسێت , 24 جێنوەری 1889 بڵاودەبێتەوە . |
| مانگی سێپتیمبری 888 | دژە مەسیح  (Antichrist)ی نوسی , ئۆگەمبری 1894 بڵاودەبێتەوە. |
| پایزی 1888 | هەنوکە مرۆڤ  ( Ecce Homo)   دەنوسێت , ئەپڕیل 1908 بڵاودەبێتەوە . |
| مانگی جێنوەری 1889 | لە تۆرین هۆشی نیچە کەوت . |
| ساڵی1889-1897 | کەوتە ژێر چاودێری دایکی , لەجینا و نۆمبیرگ . |
| ساڵی  1897 | دایکی نیچە کۆچی دوای کرد , ئەلیزابیس نیچەی برد بۆ وایمار  (Weimar). |
| 25 ئۆگەست 1900 | نیچە لە وایمار کۆچی دوای کرد . |